ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کارنامەی ڕێژی شەممەی داهاتووی بڵاوکردەوە

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق،کارنامەی ڕێژی شەممەی داهاتووی بڵاوکردەوە

فەرمانگەی ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی نوێنەران لە بەیاننامەیەکدا بڵاویکردەوە:-بەگوێرەی خشتەی کاری کۆبونەوەی پەرلەمانی عێراق کە بەیارەی ڕێژی شەممە کاتژمێر 1:00ی پاشنیوەڕۆ کۆببێتەوە، لە بڕگەی یەکەمدا گفتوگو و خوێندنەوەی دووەم لەسەر پرۆژەیاسای پشوە فەرمیەکان دەکرێت.

هەر بەگوێرەی خشتەکە، لەبڕگەی دووەمی کۆبونەوەکەدا گفتوگۆ و خوێندنەوەی دوەم بە پشنیازی هەمواری دووەمی یاسای کەمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ژمارە 31ی ساڵی 2019 دەکرێت کە لەلایەن لیژنەی یاساییەوە ئامادەکراوە، بڕگەی سێیەمیش هەڵبژاردنی سەرکی پەرلەمانی عێراق دەبێت.